# روونكردنه‌وه‌یه‌ک له‌لایه‌ن سامان سعید

له ووتاریكدا كه دوو رۆژ له‌مه‌و به‌ر له ژێر ناوی (جدیه‌تی سه‌ربه‌خۆیی كوردستان و ناڕاستی كۆمۆنیسته كرێكاریه‌كان) بلاووم كردوه چه‌ند هه‌له‌یه‌ک هه‌یه‌و نادروست هه‌یه كه به‌سه‌رمدا تێپه‌ریووه دووستی ئه‌و خاله به‌م جۆره‌ی ئێستایه:

3- مه‌سه‌له‌ی كه‌ركوک ده‌وله‌مه‌ندی و زۆری نه‌وتی كه‌ركوک ئه‌و به‌شه‌ی كوردستانی كردووه به جیگای زۆرترین كێشمه‌كێشی ناوخۆیه‌كانی عێراق و ناوچه‌كه‌و هاولاتی كوردی ئه‌و شاره‌شی كردووه به زۆرترین سته‌مدیده‌و چه‌وساوه.

سه‌ره‌رای بوونی دۆكۆمێنتێكی زۆری مێژوویی سه‌باره‌ت به وه‌ی كه‌ركوک شارێكی كوردستانی یه ، به‌لام هه‌رخودی ئه‌وه‌ی رژێمی به‌عس به‌درێژایی ته‌مه‌نی سه‌ركوتگه‌ری سیاسه‌تی راگواستنی زۆره‌ملێی كورد و داگیركردنی سه‌رووت وسامانیان و به‌خشینی به خه‌لكی عه‌ره‌بی هاورده له شاره‌كانی ناوه‌راست و جنوب پیاده‌كرد و هه‌ولی دا به سیاسه‌تی(ترحیل و تعریب) دیمۆگرافیای شاره‌كه بگۆرێت به‌سه بۆئه‌وه‌ی ناشاره‌زایه‌كی سیاسه‌تیش تێبگات كه ئه‌و شاره كوردستانیه ، (كک) ئه‌م واقعیه‌ته فه‌رامۆش ده‌كات و له ژێر په‌رده‌ی ئینسانی بووندا، بانگه‌وازی هه‌موو جه‌ماوه‌ری كورد و به‌تایبه‌ت كوردی كه‌ركوک ده‌كات واز له مافی زه‌وتكراوی خۆیان بهێنن. ئه‌م ده‌رفه‌ته‌ش كه هاتۆته پێش بۆ گه‌رانه‌وه‌ی سه‌رووت وسامان و وجودی ئینسانی و ئازادی یان له ده‌ست بده‌ن . وه‌ختێک باس له‌وه ده‌كه‌ن كه كه‌ركوک بۆمبێكی ته‌وقیت كراوه ئه‌وه فه‌رامۆش ده‌كه‌ن كه بۆمبه‌كه ئه‌و هه‌زاره‌ها مالانه‌ن كه له‌ناوه‌راست و خواروی عێراق هێنراون بۆ ئه‌و شاره و له‌سه‌ر ملک ومالی داگیركراوی كورد نیشته‌جێ كراون ناسیونال-فاشستی عه‌ره‌ب له پشتیان وه‌ستاوه. ئه‌وه فه‌رامۆش ده‌كه‌ن بۆمبه‌كه ده‌ست تێوه‌ردانی توركیایه له كه‌ركوک له رێگای دارو ده‌سته به‌كرێگیراوه‌كانیه‌وه،ئه‌وه فه‌رامۆش ده‌كه‌ن كه كورد له‌و شاره به‌شێک نیه له بۆمبه‌كه و قوربانی ده‌ستی دروستكه‌رانی بۆمبه‌كه‌یه، له هیچ شوێنێكی دنیا نه‌بیستراوه به خه‌سار لێكه‌وتوو وقوربانی وترابێت تۆ واز له‌مافی خۆت بهێنه باسته‌مكارو جه‌لاده‌كه‌ت ناره‌حه‌ت نه‌بێت .

سیاسه‌تی دروست له په‌یوه‌ند به كه‌ركوک ئه‌وه‌یه كه ته‌كید له كوردستانی بوونی بكرێته‌وه ، هه‌روه‌ها تا ئه‌و كاته‌ی كه‌سانێكی داگیركه‌ر له‌سه‌ر ملكی دانیشتوانی ئه‌و شاره‌ن پێویسته ته‌ئكید له گه‌رانه‌وه‌یان بكرێته‌وه بۆ شۆێنه‌كانی خۆیان و فشار بۆ حكومه‌تی عێراقی بهێنرێت قه‌ره‌بوی دانیشتوی كه‌ركوک و ئه‌وانیش بكاته‌وه، مانه‌وه‌ی ئه‌وانه له كه‌ركوک مانه‌وه‌ی برینێكی قوولە له‌و شاره هه‌موو رۆژ قابیلی ئه‌وه‌یه بكولێته‌وه. مه‌رجی پوچه‌لكردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆمبه‌ی باسی ده‌كرێت گه‌رانه‌وه‌ی ئه‌وانه و به گه‌رانه‌وه‌ی ئه‌وان و چۆلكردنی كه‌ركوک له‌وان ده‌خاله‌تی ئاژاوه‌گێری توركیاش ده‌توانرێت كۆتایی پێ بیت ، به مه‌رجێک مافی ته‌واو یه‌كسان بۆ توركمانه‌كان دابین بكرێت. دیاره بۆ چاره‌سه‌ری كێشه‌ی ناوچه كوردستانیه‌كانی تریش پێویسه به‌م مه‌نتقه مامه‌له‌ی له‌گه‌لدا بكرێت.

ئەمرۆ لە دستوری عێراقدا مادەی 140 بریاری لەسەر دراوە بۆچارەسەی ئاشتیانەی کێشەی کەرکوک بریارە تا کۆتایی ئەمساڵ جێ بەجێ بکریت . ئەو مادەیە پرۆژەیەکی باشەو و پێویستە بەرپەرچی هەر هەوڵێک بدرێت کە دەیەوێت بیگۆڕێت یان دواى بخات بۆ کاتێکی نادیار.
هەموو ئەوانەی سەرەوە باسم کرد هاولاتی کوردی گەیاندۆتە باوەرێک کە کۆمۆنیزمی کریکاری بە هیچ جۆرێک سەربەخۆیی کردستانی بۆ گرنگ نیە و هەر قسەیەکیش لەم بارەیەوە بیکات ناجدی و ناراستە.

لەم رووەوە داوای لێ بووردن لە خوێنەران و ئەو لایەنانە دەکەم کەبلاویان کردۆتەوە. هەروەها داواکارم هەر میدیاو لایەنێک کە بلاوی کردۆتەوە بەم جۆرەی ئێستا بلاوی بکەنەوە. وە زۆر سوپاسی هاورێیانیکی دلسۆز دەکەم کە لەو هەلانە ئاگاداریان کردمەوە.

لەگەل رێزم بۆ هەموو لایەک

11ی کانونی دووەمی2007